# بۆچی ده نگ نه ده ین

بةشي دووةم

شێرزاد خه راجیانی
malmo @shirzad2.net

بوونی هه ستی عێراقیانه وه ک نه ته وه یان ده وڵه تێک ته نها له شوناسنامه که یدایه.، لای کورد به پێچه وانه وه هه ستبوونه که زۆرداریه که بێ ویستی خۆیله سنووریدا واتای دیل بوون و بزربوونی ناسنامه ی خوده وه ک تاک و نه ته وه .. کورد بوون سه ره تایه که که پێش هه موو خۆ به زانینێکی تر تاکی کورد وابه سته یه پێوه ی.هه ر چی عه ره بیشه که زۆرایه تی عێراقین ، عێراقی بوون ته نها وه ک هه رێمێکی بچکۆله ی جیهانی نه ته وه یی خۆیانی ده بینن..کێشه و ململانێی کورد له باشووری وڵاته که ی کێشه و قه یرانی ناسنامه یه.که زۆرینه له ژێر سه ر دێڕی عێراقی بووندا پلانی به عه ره ب بوونی کوردله ره تکردنه وه ی ناوی گه ل و خاکێک ( کورد و کوردستان) ده بینێته وه. به عس هه ر ناسنامه یه ک بێت وه ک ئایدۆلۆژیا و ده سه ڵات به لام بۆ کورد ئه وا هه ر مانایه کی هه یه وه ک سه رجه می ده سه ڵاتی عه ره بی عێراقی ، جیاوازیه ک که خاڵی دیار و جیا بێت ده کرێت بناسرێت به دره نده ترینیان.عێراق وه ک پرۆژه یه کی ئابووری و رامیاری قازانج به به رژه وه ندیه کانی به ریتانیای مه زنی ئه و رۆژگاره بووه ده وڵه تێک که قوربانی و باجه که یکورد دای. کورد ناچاری گوزه ران و پێکه وه ژیان بووه که ئه مه ش زاده ی کۆمه ڵێک

هۆکاری ناوخۆیی و ده ره کی بووه.دیاره فاکته ری ده ره کی ده سه ڵاتی یه کلاکه ره وه ی دیاری کردووه.

ده وڵه تانی مه زن که هه میشه رۆڵی گه وره ده بینن له رامیاری نێو نه ته وه یدا، که سه نته ری بریار و نه خشه و به رنامه کانیان به رژه وه ندیه ئابووریه کانیانه .گه ر بابه تیانه مێژووی 80 ساڵی راپه رین و شۆرشه کانی کورد بخوێنینه وه ، له ململانێ ی له گه ڵ ده سه ڵاتی عه ره بیدا ئه وا ناکرێت رۆڵی ده وڵه ته گه وره کانباس نه کرێن که ده گمه ن نه بێت ، ده نا دۆستایه تی شۆرشی کوردیان نه کردوه.

هه رکاتێکیش به رژه وه ندیه کانیان ناچاری ئاوڕدانه وه ی کوردی کردبن ، ئه وا ده سه ڵاتی به غدای ناچاری دیالۆگ و گوێ گرتن به داواکانی کورد کردوه.سه ره رای ئه وه ی قوربانی کورد ( ئه نفال،هه ڵه بجه، کیمیاوی ،به رزانیه کان....)زۆر گه وره و تراژیدین به لام به قورسایی هه ڵوێستی ده وڵه تانی رۆژئاوا نه یتوانیوه رۆڵ یاری بکات، له ململانێکه دا. جا رۆڵێکی پۆزه تیڤانه یان نێگه تیڤانه بووبێت بۆ کێشه ی کورد.

ده کرێت بڵێین وه ک چۆن کورد له عێراقدا قوربانی زۆرداری به ریتانیای گه وره هێزو براوه ی جه نگی یه که م بوو، واش ته مه نی ئازادی و سه ربه خۆیی 14 ساڵی رابردوو ئێستاشی له سایه ی ئه مریکا و به ریتانیا یه.له گه ڕانه وه بۆ سه ره تای بنیاتنانی ده وڵه تی عێراق، رۆشنبیری کورد گله یی و ره خنه ی توندی له شێخ مه حموودی مه لیک هه یه به وه ی نه یتوانیوه دۆستایه تیبه رژه وه ندیه کانی به ریتانیا بکات بۆ درووست بوونی ده وڵه تی کوردی .مه سه له ی ته وقه نه کردنه ی زۆر باو و ووتراوه. جا وایه یان نا ، پرسیارێکی تره.9ی نیسان کۆتایی ده سه ڵاتی دیکتاتۆر و پارتێکێی شۆڤینی نیه به ته نها ، به ڵکو

کۆتایی ده سه لاتی عه ره بی سونه شه ، که هه موو ته مه نی ده وڵتی عێراق واتایده سه ڵاتی ئه و. گه ر جیهانی رۆژئاوا نه خشه کار و فاکته ری به رده وامی ده سه ڵاتی عه ره بی سونی عێراقی بێت، ئه وا کت و مت هاوکێشه که ئێستا پێچه وانه بۆته وه. بۆیه بارو دۆخی رۆژانه ی سێگۆشه ی سونی به و شێوه یه که هه یه پرسیارێکی سه یر نیه.هه ڵبژاردن که هه نووکه یترین باسی ئێستای کوردستان و عێراقه، له ئاستی کوردستان له به شی یه که مدا باسمان کرد.هه ڵبژاردن گه ر پێویستیه کیی ژیانیی دیموکراسی بێت و خه ونێکی ئازادیخوازان بێت له عێراقدا، ئه وا هه م ویستێکی ئه مریکیشه . قورستایترین رۆڵی وازی که رکه ئیمرۆوئاینده ی عێراق به کوردستانیشه وه دیاری ده کات دیاره به رژه وه ندی ئابووری و رامیاری و سه ربازی و فه رهه نگی ئه مریکا و به ریتانیا و دۆسته کانیانه.جا ئێمه ی کوردستانی ده ره وه له هه نده ران که ده توانین ده نگ بۆ په رله مانیعێراق بده ین له نێوان په سه ند و ره تکردنه وه کام هه ڵوێست وه ر بگرین...؟

ئه زموونی کورد له عێراق ( باشووری کوردستان) له گه ڵ ده سه لاتی سونی عه ره بیدا تاڵه ، که ده کرێت بووترێت روانینی شیعه ش جیاوازیه ک درووست ناکات.بۆیه دۆستایه تی کردنی رامیاری ئه مریکا ( گه ر ناکۆکی به رژه وه ندیه نه ته وایه تیه کانی کورد نه بێت) ده بێته فاکته ری به هێز بوونی رۆڵی کورد له سه ر ئاستی عێراقی ئیمرۆ و ئاینده. ئاماده بوونی کورد بۆ هه ڵبژاردنه کانی عێراق چه ند دۆستایه تی ئه مریکا بۆ کوردتۆکمه تر ده کات ، ئه وه نده ش کاریگه ری نێگه تیڤانه ی ده بێت له سه ر هه مووئه و هێز و رێکخراو و گروپ و ده وڵه تانه ی که به نهێنی و ئاشکرا و له بواری جیاجیا کۆمه ک به تواناو هێزی شه

رکه ڕانی سه نگه ری پاشماوه کانی به عس و دۆستهکانیان ده که نهه ڵبژاردن دوا په رده ی شانۆی ده سه ڵاتێکه که 80 ساڵ ، عه ره بی سونه ، ڕۆڵی پاڵه وانێکی تیا دی و بووه ئارشیفێک که دوباره کردنه وه ی ته نها له توانای کوڕانی سه دامدایه.ده با به شداری هه ڵبژاردنه کانی په رله مانی عێراقی بکه ین ، تا کورد ته نها
بینه ری شانۆی دوای هه ڵبژاردن نه بێت له بڕیاری ڕامیاریدا ، به ڵکوو ڕۆڵی کارابینێت بۆ داوا و چه سپاندنی ده سکه وته نه ته وایه تیه کانی گه لی کوردستان.